## ئاوریک لە گووزەرانی پەنابەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدە نە وە

**بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان**

**بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**بەڕێزان تێکڕای وەزیر و پەرلەمانتارانی کوردستان**

**بەڕێزان ڕێکخراوە حکومی و مەدەنیەکانی کوردستان**

دوابەدوای بەرەو خراپترچوونی بارودۆخ و گووزەرانی پەنابەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کەمپەکانی کاوە و باریکە و (...)، درێژەکێشانی ئێشوئازاری ئەو پەنابەرانە، یارمەتیدان و بەتەنگەوە چوونیان کارێکی خێرا و هیممەتێکی گەورەی پێویستە بۆ ئەوەی کۆتایی بەو کارەساتە بهێنرێ.

هەموو ئەو پەنابەرە بەڕێزانە هاوزمان و هاوڕەگەز و هاوچارەنوسی ئێمەن. دەسەڵاتی باشووری کوردستان بە هەموو دەزگا حکومی و مەدەنیەکانیەوە بەرامبەر بەرپرسێکی ئەخلاقی و نەتەوەیی دان لە ئاستی ئەو پەنابەرانەی کە لە سادەترین مافی مرۆڤبوون بێ بەشن. ڕووبەڕووی کۆمەڵێک نەخۆشی و ئاستەنگی ژیان دەبنەوە، بەردەوامبوونی ئەو کارەساتەی کە ئەو پەنابەرانە تێیدان، کۆمەڵێک پرسیاری گەورە بەرامبەر تەنانەت نەتەوەبوونی کوردیش دەوروژێنێ، سەپاندن و بەحەقیقەتکردنی ئەو سنوورە دەسکردانەی کە دوژمنانی کورد سەپاندوویانە دەسەلمێنێ. منداڵانی بێنازی ئەو کەمپانە کە نەوەی دواڕۆژی ئەو نەتەوەیەن دەبێ چ یادەوەریەکی ناخۆش بەرامبەر نەتەوەکەیان و ئەو دەسەڵاتەش کە لە باشووری کوردستان هەیە هەڵبگرن؟ بۆیە بە ئەرکی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستانی دەزانین کە کارێکی بە پەلە و بێ دواکەوتن بۆ چاکردنی باری گوزەران و تەندروستی و پەروەردەیی ئەو پەنابەرانە بکرێ، چیتر چاوەڕێی خەڵک نەبن بۆ باشکردنی بارودۆخیان. هەروەها لەڕێی ئێوەوە پاڵەپەستۆ بخرێتە سەر دەزگا پەیوەندداەرکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چارەسەرکردنی بارودۆخی ئەو پەنابەرانە بە شێوەیەکی بنەڕەتی و بە پەلە.

ناوەندی چاک خوازیارە لە دەسەڵاتی هەرێم هەنگاوی بە پەلە بهاوێژێ بۆ چارەسەرکردنی ئەو پرسە و کۆتایی هێنان بەو کارەساتە مرۆیی و نەتەوەییە. لەو هەنگاوانەش:

1- چارەسەری کێشە هەنووکەیی و بەپەلەکانی پەنابەران لە ڕووی تەندروستی و بژێوی.

2- ئاسان کردنی ڕێوشوێنی پێویست بۆ دۆزینەوەی کار بۆ هەموو ئەوانەی کاریان نیە و دەتوانن کار بکەن.

3- برینەوەی مووچەیەکی گوونجاو بۆ هەموو ئەوانەی کە پەککەوتە و کەمئەندامن.

4- بە پێی نەخشەیەکی گوونجا و پلانێکی ئامادەکراوی بۆ نموونە دوو ساڵی، بۆ درووستکردنی کۆمەڵگایەکی نوێ و گواستنەوەی تێکڕای پەنابەران بۆ ئەو کۆمەڵگایە، کە هەموو مەرجەکانی بژێوی هاوچەرخانە و خەستەخانە و قوتابخانە لە خۆ بگرێ.

5- ئەو پەنابەرانە بۆ چارەکە سەدەیەک دەچێ لە عیراق و لە کوردستانن، بە پێی هەموو پێوەرە یاسایی و مرۆییەکان مافی ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتەیان هەیە بۆ ئەوەی چیتر لەبەر نەبوونی دۆکومێنتی مانەوە کۆسپیان بۆ دروست نەکرێ. بۆیە ناوەندی چاک داوا لە سەرۆکی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان دەکات بە پەلە ڕەگەزنامە و دۆکومێنتی پێویستیان پێبدرێ. حکومەتی عیراقیش لەو پرسە بەرپرسە، چونکە ئەو پەنابەرانە دەرئەنجامی شەڕی کاولکارانەی ڕژێمی پێشووی عیراقن و بەشی هەرەگرنگی ئەو بەرپرسیاریەتە دەکەوێتە سەر شانی حکومەتی ئەمرۆی عیراق.

6- بۆ ئەم مەبەستانەش دەتوانرێ داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان بکرێ بۆ پێشکەشکردنی یارمەتی ماددی و پشتیوانی پێویست بۆ ڕاپەڕاندن و ئاسانکردنی ئەو پرۆژەیە. هەروەها داوا لە حکومەتی عیراقیش بکرێ بۆ پێشکەشکردنی پشتیوانی ماددی پێویست.

7- داوا دەکەین کە بە پەلە لیژنەیەکی تایبەتمەند پێکبهێنرێ بۆ جێبەجێکردن و بەدواداچوونی ئەو خاڵانەی سەرەوە. ناوەندی چاکیش ئامادەیە بۆ پێشکەشکردنی هەر پێویستیەک و پشتیوانیەک کە لەدەستی بێت و لە توانایدا هەبێت.

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و ژینۆسایدی کورد